Tekoshan No.210

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Iranian Kurdistan

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانیی ئەنتەرنێت

ئادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی ئافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

http://www.khabatmedia.com Emai: tekoshan20002003@yahoo.com

sazmanikhabat@yahoo.co.nz Email:Sazmanikhabat@hotmail.com

نوینەری سلێمانی: ٧٥٠١٠٦٢٣٧٩ ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤ Email: dangikhabat2003@yahoo.com

ئاریافون: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ کۆرك تیلکۆم: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٤٩٧١٣٨

دەفتەری نوێنەرایەتیی هەولێر: موبایل: ٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦٨٧٢٠٩ ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ pewandi_hawler@yahoo.com

24th Year Nomber ((210)) 28 of Rashama 2708 Kurdish Colemdar falling no 1387 Hijri I Falling 18th March 2009

عەلی میری، هونەرمەندی سینەمای ئێران کۆچی دوایی کرد

(COURTESY PHOTO)

عەلی میری هونەرمەندی سینەمای ئێران کە زۆرێك پێی دەڵەن (نمك سینما)ی پێش ئینقلاب، رۆژی دووشەممە ١٢ی رەشەمەی ١٣٨٧ لە نەخۆشخانەی ئابانی تاران مرد و رێ و رەسمی بە خاك سپاردنی رۆژی چوارشەممە ١٤ی رەشەممە بەرێوەچوو.

ئەو هونەرمەندە لەدایکبووی ساڵی ١٣١٨ی شاری رەشتە، و رێژەی خوێندەواری تا دیپلۆم و لە کلاسە ئازادەکان خوێندنی ئەکتەری تەواو کردوە.

ناوبراو چالاکی خۆی ساڵی ١٣٤١ی کۆچی خۆری لە تیاتر دەست پێ کردوە و بەشداری زیاتر لە ٥٠ نمایشی کردوە.

میری هەڵسووڕانی خۆی لە سینەمادا لە ساڵی ١٣٤٣ دەست پێ کرد و تا کاتی سەرکەوتنی ئینقلابی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ، بەشداری لە زیاتر لە ١١٠ فیلم کردوە.

***

وتەی بەنرخ

ئەگەر بێ دەنگ بی و خەڵکانی تر بە قەسەت بێنن باشترە لەوەی کە لە کاتی قسەکردندا بێ دەنگت بکەن. (سوقرات)

دەزانن بۆ زۆرتر خۆ بە چارەڕەش دەزانین؟ چونکە کەمتر ئاگامان لە بەختەوەریی خۆمانە. (مترلینگ)

پێکەنین و بزە، باشترین و گرینگترین کەرەستەی شەڕن لەدژی ناکۆکیەکانی ژیان. ئاناتۆل فرانس)

رژیمی ئاخوندی دژمنی یەکەمی ئینتێرنێتە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا

(AFP)

ماڵپەڕی دۆیچوێلە، رێکخراوی ڕاپۆرتدەرانی بێ سنوور لە ڕاپۆرتێکدا کە رۆژی پێنج شەممە ٢٢ی رەشەمەی ١٣٨٧ـ ١٢ی مارسی ٢٠٠٩، لە برلین بڵاوی کردەوە، ١٢ وەڵاتی جیهان لەوانە ئێران، چین ، سوریە، میسر، کوبا، کوردی باکوور و عەرەبستانی سعودی دژمنی ئینتێرنێت ناوهێناوە.

رێکخراوی ڕاپۆرتەرانی بێ سنوور، بەبۆنەی هاتنی رۆژی جیهانی خەبات دژ سانسۆری ئینتێرنێتی، ڕاپۆرتێکی ١٢ لاپەڕەیی بڵاو کردەوە.

بە پێی ئەو راپۆرتە، چین دژمنی ژمارە یەك لە جیهاندا ناسراوە. بە گشتی ٧٠ بیرجیاوازی چالاك لە ئینتێرنێت لە وەڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا زیندانی کراون کە ٥٠ کەس لەو ژمارەیە تەنیا لە چین دا زیندانین.

بە پێی ئەو ڕاپۆرتە رژیمی ئێران دژمنی ژمارە یەکی ئینتێرنێتە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست دا. رژیمی ئاخوندی بە بەردەوامی وێبلاگ نووسان دەگرێ. بە پێی بەڵگە رەسمیەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا ٥ ملوێن سایتی ئینتێرنێتی لە ئێران دا داخراون.

ئەو دوازدە وەڵاتەی رێکخراوی هەواڵنێرانی بێ سنوور بە دژمنی ئینتێرنێتیان دەزانێ بریتین لە: چین، رژیمی ئاخوندی، سوریە، عەرەبستان، میسر، کوبا، برمە، کوردی باکوور، تونس، تورکەمەنستان، ئوزبەکستان و ویتنام.

سیگار کێشان و نەخۆشی قەند

سیگار کێشان بۆ هەموو کەس زیانبارە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی شەکرە (قەند) هەیە زۆر مەترسیدارە. لەبەر ئەوەی کە دیابێتیەکان هەرواش لە مەترسی نەخۆشیەکانی دل و دەمار دان. ئەگەر نەخۆشی دیابێتان هەیە و سیگار دەکێشن بە بێ سەرنج دان بەوەی کە ماوەی چەندەیە سیگار دەکێشن بە تەرك کردنی ساغ و سلامەتیتان بەرەو باشی دەچێ. ئەنجوومەنی دیابێتی ئەمریکا ئەو مەترسیانە بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشی شەکرەیان هەیە و سیگار دەکێشن ناو دەبا.

سیگار کێشان، ئوکسیژێن لەنێو پێکهاتەکانی لەش کەم دەکاتەوە، کە دەتوانێ ببێتە هۆی سەکتەی دڵ و مێشك.

سیگار کێشان، رادەی فشاری خوێن و چەوری خوێن دەباتە سەر کە ئەوانەش مەترسی سەکتەی دڵیان لێدەکرێ.

سیگارکێشان دەمارەکان وێکدێنێتەوە و تووشی زیانیان دەکات و ئەوەش دەبێتە هۆی خراپتر بوونی برینەکانی نەخۆشی شەکرە.

سیگار کێشان زیان دەگەینێ بە دەمار و گورچیلەکان .

سیگار کێشان مەترسی تووش بوون بە هەڵامەت و نەخۆشیە هەناسەییەکانی تر دەباتە سەر.

سیگار کێشان رادەی قەندی خوێن دەباتە سەر.

سیگار کێشان ئەگەری مردن بە هۆی نەخۆشیەکانی "دل و دەمار" لەو نەخۆشانەی کە دیابێتیان هەیە و سیگار دەکێشن لەچاو ئەو نەخۆشانەی کە نەخۆشی قەندیان هەیە و سیگار ناکێشن سێ بەرانبەر دەباتە سەر.

بەهاری بولبول و مەل

کەژ لە بۆ بولبول و مەل زەنوێرە
مەل لە سەرخۆ دەچێ بولبول فێرە
سازی ریشۆڵە گییای خستە سەما
دەمێ سومتوورە دەمێ بلوێرە
بەربەیان خاسەکەوئەخوێنێ بە بانگ
شەو لە بەر لێویەوە سۆزە و وێرە
بولبولی سەرچڵە ئامۆژگارە
چاوکە: گوڵ چاوتەڕە گوێ رادێرە
بای شەماڵ راوەدەنێ بەفری نەچیر
خۆت دەزانی کە شەماڵ شوێن گێرە
شادی و زەمزەمە دای گرت دەرو ژوور
چەپڵە رێزانی برای وەرزێرە
گاوگۆل دیوتە چلۆن هەڵدەبەزن
شادمانن کە نەماوە گێرە
مام وورچ دیوتە دەدا سەرمە قولات
لە سەری کەویەوە وەك تاوێرە
ناو دەمی بەفرێ گییای خستە بەهار
بەفری بیچارە چ دەستاو سوێرە
بۆ لەشی ناسکی گەڵاو نێرکی تیژ
ئەم وەکو نێزەیە ئەو شمشێرە
هەر بنارێك کە دەچی گوڵزارە
تۆقەنی سوێسنە یان شللێرە
خونچە پشکوتووە ئاونگی لە ناو
نم نمەی لێ دەڕژێ وەك شێرە
گوڵ پەل و پۆی کە بە باوە دەشەکێن
دەست بە دەچاروکە دەلێ هاوێرە
سەوزەگیاو ریندوو لەبەر تیشکی هەتاو
سوور بەڵەك تێك بووە زیو و زێڕە
مەکە شانازی بە تاران لێرەش
وەکوو تاران گوڵی زەرد و چێرە
بە ژنە رووتەڵی تارانێ نەدەی
شەنگە بێری کە دەچن بۆ بێرە
چیمەنی دەستی بە خۆت دەسپێرین
دیمەنی دەشتێ بە خوا بسپێرە

"پەژار"

بانە، خاکەلێوەی ١٣٤٨ ك.خ

بـــــــ